# نیکۆلای گۆگۆڵ 1809-1852

## ئوستادی خەنین لەڕوانگەی فرمێسکەوە

**بەشی یەکەم**



**بەکوردی کردنی/خاڵەبەکر**

نیکۆلای گۆگۆڵ لە31ی ئاداری 1809 لەگوندێکی گچکۆکەی ئۆکرانیا بەنێوی"سوروجنتز" لەدایک بووە.باوکیشی یەکێک بووە لەو کەسانەی کەخاوەنی زەویی و زارێکی زۆر بووە،لەتەک ئەوەشدا خولیای نواندنیشی هەبووە"تمثیل" هەر لەبەر ئەوەش بووە زۆر جار هەندێ شانۆگەری کۆمیدی وەک ئامادەکار بۆ هەندی گروپ و دەستەی ئارەزوومەندو سەوداسەر ئامادەکردووە،"گۆگۆڵ" ئەم ڕێچکەیەی لەباوکیەوە وەرگرت و لەسەری بەردەوام بوو تاوەکو گەیشتە ئەوەی کەلەقۆناغی دواناوەندیدا هاوبەشی نمایشەکان بکات و پەیوەست بێت بەڕێچکەیەک لە ڕێچکەکانی نمایش کردن کەئەویش ڕێچکەی کۆمیدیە.گۆگۆڵ هەر لەسەرەتای تەمەنێوە سەوداو خولیای ئەوەی هەبووە کەلەژیانیدا ڕۆڵیکی گرنگی هەبێت بۆ ئەو مەبەستەش کەلەو دەمەدا خوێندکاری دواناوەندی دەبێت نامەیەک بۆ کەسێکی ناسیاوی خۆی دەنوسێت و دەڵێت:ڕشتنی ئارەقەی سارد بەڕوخسارمەوە هەراسانی کردوم،سەرەڕای ئەوەی کەبەهیچ شێوەیەک گومانی تێدانیە کە کۆتاییم فەنابوونە و بۆم نەلویت تالەژیاندا ماوم کارێک ئەنجام بدەم ئاکامێکی هەبێت و بەناوی منەوە پەیوەست بێت،ئەمەش شورەییە بۆ ئینسان بەشێوەیەک ژیان بەرێتەسەر بەبێ ئەوەی هیچی بە هیچ نەکردبێت و جێ پەنجەیەک لەپاش خۆی جێ نەهێڵێت و پاشان هیچ پاساوێکیشی نەبێت بۆی.لەهزری خۆما کۆگەلێک کاروفەرمانم بێنەوبەرە پێکرد،کۆتاییەکەی بڕیاردان بوو لەسەر پارێزەری لەبەر ئەوەی لەڕوانگەی ئەم کارەوە نەبێت توانام نیە لەڕێگەی هیچ کارێکی ترەوە خزمەت بەمرۆڤایەتی بگەێنم.

بەڵام گۆگۆل لەخوێندنی پارێزەریدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێناو هەر لەتەمەنی نۆزدەساڵیدا وازێشی لەزانکۆ هێناو بەمەبەستی وەدەست هێنانی کارێک بارگەوبنەی بەرەو سانت بترسبۆرگی پایتەخت لەکۆڵ نا،لێ لەوەشدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا،پاشان خۆی لەبواری نواندن هەڵقورتان و لەوەشدا سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا هۆکارەکەشی لەبەر ئەوەی کە دەنگێکی نزمی هەبوو لەتەک ئەوەشدا لاوازی لەش و لاریشی یارمەتیدەر نەبوو.لەگێنگڵدانی ئەوبارودۆخە پڕ ناهەمواری و پر شکستیەدا ئەو کۆمەڵە شیعرەی وەبیر هاتەوە کەلەقۆناغی خوێندندا نوسیبونی،دوای تاووتوێ کردنی بەمەبەستی وەشاندنی دەزگای چاپەمەنی نەما سەردانی نەکات،لێ لەم هەوڵدانەشدا بەخت یاوەری نەبوو،ناچار لەسەر بودجەی تایبەتی خۆی بەچاپی گەیاند،ئەوەبوو پاش بڵاوکردنەوەی ڕەخنەگران هێرشێکی توندوتیژیان کردە سەرو کۆمەڵە شیعرەکەیان نزم نرخاند پاش ئەوە بەپەلە یەک بەیەکی ناملیکەکانی لەکتێبخانەکان کۆکردەوەو سوتاندنی،ئەمەش بووە هۆی شکستێکی ترو زیاتر باری شانی قورستر کرد، پاشان بڕیاری دا سەری خۆی هەڵگرێت و بەرەو ئەمەریکا مل بنێت دەشی زانی ئەوێندەرێ چیهانێکە جوداتر لەجیهانەکەی خۆی،بلیتی یەکەم کەشتی بڕی،کەشتی بەرەو گەشت بزواو یەکەم ترانزێتی لەیەکێ لەبەندەرەکانی روسیا"لۆبک" بوو،گۆگۆل هەر هێندەی پێکرا دابەزی و بڕیاری گەڕانەوەی بەرەو سانت بترسبۆرگ دا ئەو شوێنەی کەلێیەوە سواری کەشتێکەببوو،بڕیاری گەڕانەوەی بەرەو مەیدان و گۆڕەپان دا تاوەکو سەرسەختانە ململانێ بکات و تێ بکۆشێت لەپێناو وەدی هێنانی خەون و ئاواتەکانی،لەپێناو داهێنان و ڕیفۆرمدا،ئەوە

بوو بەرهەمێکی ساکاری نوسی"جەنابی موفەتیش" کەخۆی لەشانۆگەریدا دیتەوەو دەنگۆیەکی ئێجگاری لەنێوەندەکەدا دایەوەو پاشان چەندین چیرۆکی واقعی تری وەدواداهات وەکو"پاڵتۆ".

* * *

گۆگۆڵ یەکێک بوو لەوانەی کەبەئەدەبی گاڵتەئامێز نێوبانگ و دەنگ و سەدایەکی تایبەتی لەنێوەندەکەدا هەبوو،ئەم ئەدەبە گاڵتەئامێزەشی لەڕێگەی خەنین و هونەری کۆمیدیەوە کردبوو بەڕێگەچارەی ڕەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن،هەردەم بەوەش ناوزەند دەکرا کەگوایە ئەم هونەری قاقاو پێکەنینانە خۆی لەخۆیدا فرمێسکن و بەم شێوەیە گوزارشتی لێوە کردوە،وێڕای ئەوەی کەخەنین لەلای خەڵکی ئان و ساتی بۆنیە،لێ گرنگیەکە لەوەدایە ئەو کەسە بزانێت بخەنێت و بەچی ئەخەنێت،بی گومان خەنینی کتوپڕوخەنینی بەر دەم شانۆ کەئەکتەرێک ناخی بینەری پێ ئەهروژێنێت بەبێ ئەوەی خۆیشی بزەیەکی بێتێ بریتیە لەسەرکەوتن و پێکانی ڕەخنەکە لەڕوانگەی هونەرەکەوە بەبێ ئەوەی بینەر بیری بەلای ئەوەدا چوبێت کەڕۆژێ لەڕۆژان بوونی دیاردەیەک بەو شێوەیە شاگەشکەی خەنینی بکات و لەبنەڕەتیشا مانایەکی تر ببەخشێت.
گۆگۆڵ پاش بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە هۆنراوەکەی لەساڵی1832کتێبێکی تری بەناونیشانی"ئێوارانێک نزیک لە گوزەری دیکانکا"وەی بڵاوکردەوە،خۆشبەختانە لەم بەرهەمەیاندا شکست یاوەری نەبو،ئەمەش بۆی بوو بەهاندەرێک کەزیاتر پەرە بەنوسین بدات و بێ ووچان کاتی بۆ تەرخان بکات،تا کارگەیشتە ئەوەی ساڵی1835بەرهەمێکی تری بڵاو بکاتەوە کەبریتی بوون لەکۆمەڵە چیرۆکێک بەناونیشانی"میرغورود" دوابەدوای ئەم بەرهەمەش گۆگۆڵ کەوتە خۆ،ئەوەبوو لەدوتوێی کتێبێکدا مێژوی ئۆکرانیای نووسی،دوابەدوای ئەم کتێبەش کتێبێکی تری لەهەشت تا نۆ بەرگ لەمەڕ مێژوی چاخەکانی ناوەڕاست نووسی،لێ ئەم بەرهەمە تیشکی بڵاوکردنەوەی بەخۆوەنەدی،تەنها ئەو چیرۆکە مێژوییە بەنێوبانگە نەبێت کەبەناونیشانی"تاراس بۆلبا" نەبێت کەتییایدا باسی گیان فیدایی و سوارچاکی و چەلەنگ بازیمان بۆ دەکات.
ئەو دەمەی گۆگۆڵ لەزانکۆ دادەمەزرێت و دەبێتە مامۆستا،سەرجەم ئەو وانانەی کەدەیوتنەوە هۆشمەندانە خۆی لەبابەتە گشتی و گونجاوو هەنوکەییە هەستیارەکاندا دەبینیەوەو لەبازنەو ئەندازەیەکی کورت و چڕوپڕدا هەڵیدەهێنجان،بۆ نموونە وانەیەک لەو وانانەی کەلەمەڕخەلیفەی عەباسی مەئموون تەرخانی کردبوو بەشێوەیەک هاتە ڕاڤەکردنی کەگوایە ئەو سیاسەتەی مەئموون پەیڕەوی کردبوو زۆر ئینسافانە نەبوو بەپێچەوانەی هاڕونەڕەشیدی باوکێوە چونکە خواست و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی فەرامۆش کردبوو،چونکە هاڕونی باوکی ڕاستەوخۆ تەماسی تەواوەتی لەگەڵ خەڵکەکەدا هەبوو،وەهەر وەها خۆنەناسانە تێکەڵ بەکۆمەڵانی خەڵک دەبوو تاوەکو ڕاستەوخۆو لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ڕەعیەتەکەی بێت و پاشان داواکاریێکانیان جێ بەجێ بکات،"مەئمون"یش هەر ئەوەندەی پێ دەکرا کەگرنگی بدات بەزانست و تەرجومەو فەلسەفەو لۆجیک و نزیک کردنەوەی پسپۆڕانی زانست و بیرمەندان لەخۆی بەبێ ئەوەی هیچ ئاوڕێک لەپێداویستیەگشتیەکانی کۆمەڵگابداتەوە.
پاش ئەمەش گۆگۆل ساڵی1848چوو بۆ بەیتی مەقدس لەفەلەستین،وەبوو بەحاجی وەهەرلەوێوە هەندێ نامەی پاراوو سەرنج ڕاکێشی نووسی کەتیایدا گوزەران و بارودۆخی عەرەبەکانی فەلەستین وئەو شاروشارۆچکانەی کەپێیدا گوزەریکردبوو باسی کردبوونو لەبارەیەوە دوابوو.
گۆگۆڵ یەکیکە لەو نوسەرانەی کەخۆی لەڕێبازی واقیعیەت و ڕۆمانتیکدا بینیوەتەوە،لێ ڕێبازی واقیعیەت زاڵ بووە بەسەریدا بەتایبەتی لەدوو بەرهەمی ناوازەو خاوەن دەنگۆیدا ئەو دوو بەرهەمەش(ڕۆحە مردۆکان و جەنابی موفەتیش)ن،کە تیایدا بەئاشکرا ڕێڕەوێکی واقعی ڕەخنە ئامیزی تیا بەرجەستەو ڕەچاوکردووە،وەلەبارەی ئەو توێژینەوانەی کەلەمەڕ داهێنانەکانێوە کراوەو بەداهێنەرێکی سەر بەقوتابخانەی سروشتی ناوزەندیان کردوە هەردوو پسپۆر لەبوارەکەدا د.شرارە و د.یونس (لێرەدا مەبەست لە حیاة شرارەو محمد یونس –وەرگێڕ)لەکتێبەکەیاندا(دەروازەیەک لە ئەدەبی ڕوسی لەسەدەی نۆزدەهەمدا) بەم شێوەیە گوزارشتی لێوەدەکەن.. بەرهەم و نوسینەکانی گۆگۆڵ لەئەدەبی ڕوسیدا قوتابخانەیەکی سەرتاسەری و بێ کەموکوڕیان پێک هێنا کە بەقوتابخانەی سروشتی ناوزەندکرا،ئەم ڕێچکەیەش بووە هۆی نوێنەرایەتی کردنی ئەدەبێکی پێشکەوتوخواز لەڕوسیادا کەبەتەواوەتی لەچلەکانی ئەو سەدەیەدا لەنێوان ململانێ و بەربەرەکانیەکی توندوتیژی کۆمڵایەتیدا توانی زاڵ ببێت و خۆی بسەپێنێت و ئەدەبی ڕوسییش شان بەشانی

ئەدەبی گەلان بگەێنێتە لقەپۆپەو دەنگ و سەدایەکی تایبەتی ئەوتۆ بداتەوە لەجیهاندا،ئەمەش وێڕای سەرهەڵدانی ڕاوبۆچونی جیاواز لەنێوان نوێنەرانی ئەم ڕێبازو قوتابخانەیە کەبریتی بوون هەر یەک لەگۆگۆڵ و تۆرغۆنیف و غانجیرۆف و چەند نوسەرێکی ترهەمویان لەسەر ئەوە کۆک بوون کەئەوەی پێکەوە کۆیان دەکاتەوەو بەیەکەوە گرێیان دەدات ئەو خاڵە گرنگەیە لەهزریاندا کەبەهەموو شێوەیەک بتوانن ژیانی ئەو خەڵکە ساکارو بەشمەینەتە هەر لەچین و توێژی جوتیارو سەربازو فەرمانبەری گچکۆکەو بازرگانەوە بەرجەستەبکەن و بەبێ ڕتووش کۆمەڵگای لێ بەئاگا بهێننەوە،وێڕای دژایەتی کردنێکی توندوتیژی سیستەموفەرمانڕەوایانی ڕوسیا کەهەموو تاکێکی نێو کۆمەڵیان بەکۆیلە دەزانی،وەهەروەها پابەند بوونیان لەسەر ئەوەی کەدەبێت ئەو مامەڵەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کەلەنێوان ئاغاو دەرەبەگو کۆیلەو جوتیارەکاندا هەیە گۆڕانکاریەکی بنەڕەتییان بەسەردابێت.

هەندێ لەڕەخنەوانان ئاماژە بەوە دەدەن کەگوایە سەرەتاو پێکهێنانی قوتابخانەی سروشتی لەڕوسیادا لەژێر کاریگەری سێ نووسەردا دامەزران،ئەوانیش پۆشکین و،لیرمنتۆف و،گۆگۆڵ بوو،وێڕای ئەم ڕاوبۆچوونەش هەر هەمان ڕەخنەوانان لەڕونکردنەوەیەکی گرنگدا ئاماژەیان بەوەدا کەگوایە زاراوەی قوتابخانەی سروشتی بەو مانایە نیە کەدەقاودەق وێنەو کارەساتەکانی واقیع وەک وێنەیەکی فۆتۆگرافی نیشان بدەیت وەک ئەوەی قوتابخانەی سروشتی فەڕەنسا ڕەچاوی دەکرد،لەم ڕوانگەیەشەوە ف.بولگارین لەساڵی 1846 دا گاڵتەئامێزانە ئەم زاراوەیەی بەسەر نووسینەکانی گۆگۆڵ دا سەپاند بەوبیانوەی کە گۆگۆڵ جگە لەدەست نیشانکردنی لایەنە پڕ ناهەموارو کارەساتەکان لەکۆمەڵگای ڕوسیادا بەهیچ کلۆجێک توخنی لایەنە دڵ خۆشکەرەکان ناکەوێت،لێ دوابەدوای ئەم ڕاوبۆچونە بلینسکی ئەم سەپاندنەی بەهەند وەرگرت وبەتەواوەتی لێێ کۆڵیوەو بەووردی چووە بنجوبناوانێوەو(گۆگۆڵ)ی بەوە ناوزەندکرد کەنوسەرێکە لەو نووسەرانەی کەحەقیقەتی ژیان لەکۆمەڵگادا چۆنەو چۆن نیە بەبێ گروگۆڵ و بە بێ کەم و کووڕی و بەبێ ڕتووش بەرجەستەی دەکات،ئەم ڕایەشی لەڕوانگەی تاووتوێکردنی بەرهەمەکانی(گۆگۆڵ)ەوەهەڵهێنجابوو.

بەخت یاوەری گۆگۆڵ بوو،چونکە هەر دەم پۆشکین دەستگیرۆیی دەکردو هاندەری بوو،جگە لەمەش وێژەوانی مەزنی ڕوسیا دستۆفسکی نکوڵی لەوە نەدەکرد کە گۆگۆڵ پێشەوایەکی دەست ڕەنگینە لەبواری چیرۆکی واقعیدا لەگۆڕەپان و مەیدانەکەدا،وەهەمیشە ووتە بەناوبانگەکەی(هەمومان لەپاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتوینەتە دەرێ) وێردی سەر زمانی بوو،مەبەستی ئەم ووتە بەنرخەش دەگەڕێنێتەوە بۆ چیرۆکە خاوەن دەنگۆکەی پاڵتۆی گۆگۆڵ،ئەو چیرۆکەی کە واقیع و مرۆڤایەتی لێ هەڵدەقوڵێ و وەرگێردرایە سەر زووربەی هەرە زۆری زمانەزیندۆکانی دنیا،ئەم چیرۆکەش گوزارشت لەژیانی فەرمانبەرێکی کەساس و ژێردەستەو بەشمەینەت و چەوساوە دەکات بەناوی(آکاکی آکاکیفیج)کە بەکڕینی پاڵتۆیەکی نوێ خواست و ئارەزۆکەی خۆی دێنێتە دی،لێ بۆ نەگبەتی پالتۆکەی لێ ئەدزن،(آکاکی)یش دەرهەق بەم تاوانە بێ دەنگ نابێت و لەهەموو دەزگایەکی پەیوەندیدار سکاڵای بەزەیی پیشکەش دەکات،سەرجەم سکاڵاکانیشی لەدەزگاکاندا بەبێ منەت سەیر دەکرێت و هیچ بەدواداچونێکی بۆ ناکەن تاکاردەگاتە ئەوەی لەداخ و مەراقدا دووچاری نەخۆشی دەبێت و بەمردنی کۆتایی دیت،پاش مردنەکەی تارماییەکەی دەبیتە یەکانگیری یەکێک لەو فەرمانبەرانەی کەهەمیشە.....(ماوێتی).

تێبینی:لەدوا بەشدا سەرچاوە دەست نیشان دەکەم.